# نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوازرێتەوە، وشومیەتی نییە، وفەئلم پێ خۆشە؟»، ووتیان: فەئل چییە؟ فەرمووی:«وشەی جوان وشیرین

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوازرێتەوە، وشومیەتی نییە، وفەئلم پێ خۆشە؟»، ووتیان: فەئل چییە؟ فەرمووی:«وشەی جوان وشیرین».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە بیروباوەڕی خەڵکی جاهیلیەت بەوەی نەخۆشی خۆی دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر ؛ بەبێ قەدەری خوای گەورە، ئەمە بیروباوەڕێکی پوچەڵە. وباوەڕبوون بە شومیەتی پوچەڵە، ئینجا باوەڕ بە شومێتی بێت لە هەرشتێکی بیستراو یان بینراو، لە باڵندە وئاژەڵ ونەخۆش وژمارەکان وڕۆژەکان وهتد. لێرەدا باسی باڵندەی کرد کە بەدەستەواژەی -الطيرة- لە فەرموودەکەدا هاتووە؛ وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی لەلای خەڵکی جاهیلیەت بڵاو بوو، پێش دەستپێکردنی کارێك یان سەفەرێك یان بازرگانیەك باڵندەکەیان هەڵدەدا، ئەگەر بەلای ڕاست بڕۆیشتیایە ؛ بەهیوا بوون وکارەکەیان دەکرد، وئەگەر باڵندەکە بەرەو لای چەپ بڕۆیشتایە ؛ ڕەشبین دەبوون وکارەکەیان نەدەکرد. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە -فەئل : قسەی جوان وشیرین-ی پێ خۆشە، ئەمیش ئەو قسانەیە مرۆڤ دەیبیستێت لە وشەی جوان وباش ودەبنە هۆی ئاسوودەبوونی، و وایلێدەکەن گومانی باش ببات بە پەروەردگاری.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3422

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee